سودانی: عێراق ئەمڕۆ لە سایەی قارەمانێتی شەهیدان چێژ لە ئاسایش و خزمەتگوزاری وەردەگرێت.



سەرکی ئینجومەنی وەزیران محەمد شیاع سودانی، لە هەشتەمین ساڵیادی ڕۆژی سەرکەوتن و شکستی ڕەکخراوی تیرۆریستابی داعش لەگەڵ کەسوکاری شەهیدانی هێزە چەکدارەکانمان دیدارێک ئینجام دەدات نوسینگەی تاگیاندنی سەرکی ئینجومەنی وەزیران لەتاگیێندراوەکدا کەدستی موتەبع کەوتووە،بەاویکردەوە،سەرکی ئینجومەنی وەزیران، فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان محەمد شیاع سودانی، ئەمڕۆ چوارشەمە، پێشوازی کرد لە ژمارێیک کەسوکاری شەهیدانی هێزە چەکدارەکانمان، لە پێکهاتە جیاوازەکانی ناو هەردوو وەزارتی بەرگری و ناوخۆ و دەزگای دژە تیرۆر و هێزەکانی حەشدی شەعبی و دەزگای ئاسایشی نیشتمانی و دەزگای هەواگری نیشتمانی عێراق، بەبۆنەی هەشتەمین ساڵیادی سەرکەوتن بەسەر تیرۆر و شکستی ڕەکخراوی تیرۆریستانی داعش و تاگیاندنی ڕۆژی سەرکەوتن.

وتیشی سودانی لە وتارەکێیدا ستایشی ئەو قوربانییە گەورەیەی شەهیدانمانی کرد و لەگەڵ قوربانیدانانێی بنەماڵە بەڕێزەکانیان، لە پێناو بەدەستهێنانی سەرکەوتن و ڕزگاربوون لە باندەکانی تیرۆر و کوشتن و تاوانکاری، دوای ئەوێی لە قێناغێکی لاوازی وەاتدا دەستیان بەسەر خاکدا گرت.

سودانی ئاماژەی بۆ فەتوای پیرۆزی مەرجەعییەتی باڵای ئایینی و یەکگیزیی هەموو چین و توێژەکانی گەلەکەمانی بۆ هەموو پێکهاتە برایەکانییەوە کرد، کە بووە هۆی شکست و کۆتایی داعشی و ئەو قوربانیدانی شەهیدان نیهەشت عێراق بخلیسکێتە ناو پشێوی و هەژموونشانەوە.

ئەمانەی خوارەوە دەقی وتارەکەی سەرکەی ئینجومەنی وەزیرانە:

? سوپاس و پێزانینی خەمان ئاراستەی کەسوکاری شەهیدان دەکەین بۆ ئەو قوربانییە بێئەندازەیەی کە ئەم قارەمانانە داویانە.

? قوربانییەکان بەنرخن و باجەکی قورسمان لە خوێنی شەهیدان دا، سەرکەوتن لە سایەی ئەوانەوە بەدەست هات و دەخی خورافات و تاوان کۆتایی هات.

? شەهیدان پێگەیەکی بەرز و ڕێزداریان هەیە، ئەم پێگەیە تەنها ئەو کەسانە بەدەستی دەهێنن کە خودای گەورە هەڵیانبژاردووە.

? ڕێگای شەهیدبوون و قوربانیدان بەردەوامە لە دژی ناداپەروەری، چ لە ڕووبەڕووبوونەوەی دیکتاتۆریەت بێت یان تیرۆر.

? داعش بەشێک بوو لە پرۆژەیەکی گەورەتر کە دەوڵەت و ناوچەکەی کرد ئامانج و وڵاتان و دەزگا هەواڵگرییەکانیش پاڵپشتییان کرد بۆ جێبەجێکردنی پلانەکەیان.

? ئەو سەقامگیری و ئاسایش و بوژانەوە و ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان و خزمەتگوزارییانەی کە ئەمڕۆ وڵات بەخۆیەوە دەیبینێت هەمووی لە سایەی قوربانیدانی شەهیدانەوەیە.

? بە خەبەخشی دەسەزان بەردەوام دەبین لە هەنگاونان بەرەو پێشەوە، دەوڵەتیش بەرپرسیارە لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی بەتایبەت بەرامبەر بە کەسوکاری شەهیدان.

? فەرمانمان کرد هەر کەموکوڕی و دواکەوتنێک لە دابینکردنی پێداویستییەکانی کەسوکاری شەهیدان چارەسەر بکرێت، کەس ناتوانێت نکۆڵی لە ئەم مافە بکات ئەمە نە منەت و نە چاکەیە.